
## ماموستا جەمال نەبەز و ململانەی ڕاست و چەپ

چینی تازەی کورد کەمتر لەو وشەی ڕاست و چەپ دەگەن، لەدوای پەنجاکانەوە دوای مردنی ستالین، چەند گۆڕانکاریەک لە سەرکردایەتی سۆڤیەتی کۆمەنیستی هاتە کایە، توندرەوەکانی حیزبی شوعی سۆڤیەت هاتنە سەرکارو ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی تەواوی دنیا ببێتە دوو بەش و شەڕی سارد لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دروست ببێ، بەشێکی زۆر بچوکی ئەو ململانەش ڕووی کردە کوردستان، دەبێ بڵێم بەداخەوە لە کوردستانی گەورە 80% کورد بە هۆی ئەو چینە ڕۆشەنبیرە کوردانەی ئەو سەردەمە خۆیان خستە ناو سەنگەری کۆمەنیزمیەوە، یان ڕاستەوخۆ بوون بە کۆمەنیزم یان لە ڕێگای ئەو پارتیە کوردیانەوە کە بەرنامەکەیان کۆمەنیزم بوو تاکو هەرەسی کۆمەنیزمی هاتە ئاراوە لە ساڵی 1989 .

پێنج دەرسەدی کوردیش دوای بیرو بۆچونی ئەو کۆمەڵە ڕۆشەنبیرانە کەوتبوون کە باسی مافی چارەنوس و سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد، یەکێک لە بەناوبانگترین ڕۆشەنبیری ئەو سەردەمە **ماموستا جەمال نەبەز** بوو.

هەرچەندە تەمەنی ماموستا جەمال نەبەزم نیەو لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵسوکەوتی ماموستا جەمال نەبەز نەبووم لە ساڵانی پەنجاکاندا، بەڵام خوێندنەوەی کتێبەکانی ماموستا جەمال و مام جەلال و زۆرینەی کوردە کۆمەنیستەکان وا نیشان دەدات کە ململانەیەکی زۆر لەنێوان ماموستا جەمال و تێکڕای چەپ و مارکسی و لینینست و ماوۆیستەکانی کوردا هەبووە.

ماموستا **جەمال نەبەز** وەک ڕۆشەنبیرێکی ئەو سەردەمە بە تاک و تەنها بە کراس و پانتۆڵێکەوە، بەبێ هەبوونی هێزی چەکداری، پشتیوانی هیچ دەوڵەتێکی دەوروبەر یان نێو دەوڵەتی یان دەستمایەیەکی بەهێز، هەموو باڵەکانی کۆمەنیزمی بە سیستەمێکی پوچەڵ و بێ بناغە دادەناو و پێی وابووە ئەو سیستەمە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، هەوڵی داوە نەهێڵێ کورد کێشە نەتەوەیەکەی خۆی لەبیر خۆی بەرێتەوەو ببێتە دەروێشی کۆمەنیزمی.

چەپ و کۆمەنیزمی کوردیش بە هەموو ئەو پارتیە کوردیانەشەوە بەریتانیاو ئەمەریکایان بە هەژدیهای دووسەر بە کورد دەناساندو بە بەرنامەی کۆمەنیزمی بیری نەتەوەیی و داوای

سەربەخۆیی کوردستانیان لە بیر کورد دەبردەوە، هەر کە دیواری کۆمەنیزم داروخا، تێکڕا کەوتنە سەما بۆ ئەمەریکاو بەریتانیا، وەک کوردێکی نەفس نزم باخەڵیان کردەوە بۆ دۆلارەکانی ئەمەریکا.

سەرانی ناوداری دوێنێی حیزبی شوعی عێراقی وەک کاک عەزیز محەمەد و کاک بەهادین نوری و کاک کەریم ئەحمەد، دەستی کەم لەدوای 2003 وە کە ئەمەریکا عێراق بەڕێوە دەبات و دولاری ئەمەریکی ختستۆتە ناو باخەڵی هەموو گەلی عێراق و کورد بەتایبەتی، هەر یەکی موچانەیەکی باشیان بۆ بڕاوەتەوە کە موچانەکە 100 بەرابەری داهاتی ئەو کرێکارو جوتیارەیە کە دوێنێ فریویان دەدان و دەیان هێنانە سەر جادەکان و پێیان دەگوتن بڵێن بڕوخێ ئیستعمار و ئەمەریکا، بێجگە لە دۆلار وەرگرتن، کوڕو نەوەکان و کادیرانی خۆشیان کردۆتە بەڕێوەبەری دەسگای راگەیاندنی پارتی و یەکیەتی کە هەردووک دەسگاکەش ئێستا کار بۆ بەرەپێش بردنی بەرژەوەندی ئەمەریکاو ئیستعمار دەکەن.

بێجگە لە بێ بەرنامەیی سەرانی حیزبی شوعی، سەرانی پارتی دیموکراتی دوێنێ و ئەمڕۆ و سەرانی یەکیەتی و شۆسیالیستیش هەمان شێوەی حیزبی شوعی، سەربانی وشکیان بە کورد دەگێراو قوڕاوی مارکسیەتیان بە کورد دەگرتەوەو بنکەو بارەگای خۆیانیان پێ دروست دەکرد، ئەگەر بە وردی ئەو نامە بخوێنیەوە کە مام جەلال لە پەنجاکاندا بۆ مەلا مستەفای بارزانی نوسیوەو نامەکەش لە ژمارە پێنجی کلتوری کوردیدا بڵاو کراوەتەوە، دەبینی مام جەلال خۆی و دارو دەستەکەی ئەو سەردەمەی سەرکردایەتی پارتی بە زاناو قارەمان دەزانێ کە پیلانی بەریتانیای پوچ کردۆتەوە بۆ ئەوەی گۆڤارێکی کوردی دەر بکەن، بەڵام ئەمڕۆ هەر هەموو ئەو کۆنە خوارو خێچ و چەپانەی کە دژی ئەمەریکاو بەریتانیا بوون، پاڵیان بە سەدانی وەک مامۆستا جەمال نەبەزەوە ناو بە کردارو داوای نزمەوە خۆیان کردە سەربازو رێنیشاندەری ئەو ئەمەریکاو بەریتانیایەی کە دوێنێ بە هەژدیهای دووسەرەیان ناو دەبرد،

دوای پەنجا ساڵ دەرکەوت کە رۆشەنبیرە چەپەکان، نەزان و بێویژدان و ناراستگۆ بوون بەرامبەر بە کورد، بەڵام مامۆستا جەمال نەبەزەکان نۆکەرو داردەستی هیچ کەس نەبوون و سەربەرز و راستگۆ و خاوەنی هەموو وەڵامێکن بۆ نەتەوەکەیان، ئەمڕۆ کە بەشێکی زۆری بەڵگە نامەکان لە ئەوروپا کەوتونە دەست جەماوەری کوردەوە، ئەوە نیشان دەدات کە جەمال نەبەزەکان سەرشۆری و بێوەڵامیان پەسند نەکردوە لە پێناوی بەدەستهێنانی دۆلار و موچە و کورسی و دەسەڵات، خۆ ئەگەر چینی تازەی ناو وڵات دەستیشی نەگاتە بەڵگەنامەکان، با تەماشای هەڵسوکەوتی موچەخۆرانی ئەمڕۆو جەمال نەبەزەکان بکەن کە تاکە دۆلارێکیان نەچۆتە باخەڵ.

سەردار پشدەری
27-10-2009

ده‌سته‌ی نووسه‌ران

ئه‌رسه‌لان بایز
جه‌وهه‌ر کرمانج
هه‌ڤال کوێستانی
محه‌مه‌د حه‌مه باقی

NO: 5

# کولتوور

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتییه وه‌رزانه ده‌رده‌چێت





جه‌لال حسامه‌دینی تاله‌بانی

## نامه‌یه‌ک بۆ جه‌نه‌راڵ بارزانی

په‌کین
١٩٥٥/١٠/٥

به‌ڕێزان هه‌ڤاڵ سه‌رۆک جه‌نه‌راڵ بارزانی و هه‌ڤاڵی خۆشه‌ویست میرحاج
هه‌ڤالانی هێژا ، به‌ناوی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی و شه‌موو هه‌ڤالانی حیزبمانه‌وه‌و به‌ناوی هه‌موو هاوولاتیانی به‌شه‌ره‌ف که‌کوردستانی ئازیزیان خۆشده‌وی و ئێوه به‌ڕێبه‌ری دڵسۆز و هه‌ڤالی مه‌زنی خۆیان بۆ رزگاری کوردستان و دامه‌زراندنی کۆماری دیموکراتی گه‌ل ده‌زانن ، به‌ناوی هه‌موویانه‌وه به‌گه‌رمی سلاوتان ئاراسته‌ئه‌که‌م .

ماوەیەکە دەزگاکانی کوکردنەوەی دەنگوباسی ئەمریکا کەوتونەتە هەلپەی پەیداکردنی لایەنگر و دۆست لەناو کورددا لەریگەی گوڤارە بەدناوەکەی "پەیام" ەوە کە بەشی دانوستانی فەرهەنگیی بالوێزخانەی ئەمریکا لەعراق دەری دەکا، ژاوەژاویکی ژەهراوی دژی یەکیتی سوڤیت و جولانەوەی ئاشتی و دژی هەڤالانمان بلاو دەکەنەوە. هەڤال برایم ئەحمەد لەبەر هەلویستی لەجولانەوەی ئاشتی، کەوتۆتە بەر پلاری گوڤاری ناوبراو.

نزیکەی دوسال لەمەوبەر کابرایەک لە بالویزخانەی ئەمریکاوە پێوەندی لەگەل سەرخێلێکی کورد دا دامەزراند (مەکتەبی سیاسی بەدوورودریژی ئاگاداری مەسەلەکەیە بەلام لەبەرئەوەی من لە هەموو رویەکەوە سەری لێ دەرناکەم، بەسەرپێیی ئاماژەی بۆ دەکەم). کابرا بەسەرخێلەکەی راگەیاند کە ئەمریکا ئامادەیە یارمەتی کورد بداو بەناوی بالویزخانەوە ویستی بەهەڤال برایمەوە بکا بەلام حزب لاری هەبو. هەر لەوسالەدا کونسولگەری ئەمریکا لەکەرکوک چەندجاریک هەولیدا پیوەندی بەهەڤال برایمەوە بکا بەلام ناوبراو بەرەزامەندی حزب پێوەندی دانەمەزراند. ئێستا حکومەتی ئەمریکا کاربەدەستانی بالوێزخانەکەی لەبەغدا دەنێریتە کوردستان تا لایەنگر و دۆستی بۆ پەیدابکەن ! ئەوەش بەلگەیەکەواتی بالویزی ئەمریکا سەردانێکی کوردستانی کردوە. بالویزخانەی ئەمریکا لەگەل شیخ باباعەلی و زیدئەحمەدعوسمان پێوەندی هەیە (سەرودەر لەپێوەندی نێوان بالویزخانەوشیخ باباعلی دەرناکەین). کاربەدەستانی بالویزخانەلەسەردانەکانیاندا هێرش دەکەنە سەر حزبمان و بە کۆمۆنیستی دادەنێن. جارێکیان بالویزی ئەمریکا لەمالی سدیق میراندا لەشەقلاوەداوەت دەبێ و کۆرەکەچەند ئەندامێکی پەرلەمان و خەلکانێکی ناوداری کوردی تیدا دەبی. بالویزی ئەمریکا لە رەوتی قسەکانیدا داوایان لی دەکا لەسەرخویندنی زمان و ئەدەبی کوردی لەفێرگەکاندا پێ داگرن، کەچی ئەندامێکیساویلکەی پەرلەمان وەلامی دەداتەوە، دەلێ گوایە ئەمەکاری ئێمەنیە، کاری پارتی دیموکراتە. بالوێزی ئەمریکا پێی دەلێ پارتی دیموکرات حزبێکی کۆمۆنیستەوهەڕەشە لە کوردستان دەکا (سەیرە ! هەرەشە لەکوردستان دەکا نەک لەقازانجەکانی ئەمریکاوبریتانیا) حزبمان بەردەوام هێرشی کردۆتەسەر ئیمپریالیستەئەمریکیەکان. لەهەموکوبونەوەوخۆپیشاندان و وتار و روزنامەوکور وجەژن وهەلبژاردنێکدا ولەهەموهەل ودەرفەتێکدا پرۆژەجەنگیەکانی ئەمریکامان ریسواکردوە، پەردەمان لەسەر درندێتی ئەمریکا لەکۆریا وناوچەکانی تری دنیا و سیاسەتەدژی

دیموکراتیەکەی هەڵمالیوە و نەخشی ئەمریکامان لە سەرکوت کردنی جولانەوەی دیموکراتیە رزگاریخوازەکەی کوردستانی ئیراندا بەرچاو خستوە .

حزبمان بەردەوام هێرش دەکاتە سەر سیاسەتە شەرخوازەکەی ئەمریکا و هەمیشە و بەردەوام روی گەشی سیاسەتە ئاشتی خوازیەکەی یەکتیی سوڤیێتیسەرفراز دەردەخا ، ئەوسیاسەتەی کەلە رزگاربون و بەختەوەری گەلانی پشتیوانی دەکا . ئیمە نەخشی یەکیتی سوڤیێتمان لە رماندنی فاشیزم ورزگارکردنی گەلان و پاراستنی ئاشتی و پشتگیری کردنی گەلان و یارمەتیدانی کوردوکوردستان بەرچاو خستوە . حزبمان لە سیاسەتی داکۆکی لە یەکیتی سوڤیێت هەرگیز کەمتەرخەمی نەکردوە ونایکا . حزبمان بو چەسپاندنی پێوەندی لە نێوان یەکیتی سوڤیێت و عراقدا تێدەکوشی . لەکاتی هەلبژاردندا و لەکۆڕ و یاداشتەجەماوەریەکاندا دروشمی پتەوکردنی دوستایەتی و پیوەندی لەگەل یەکیتی سوڤیێتدا ودانانان بەکۆماری گەلی چین و دەولەتانی دیموکراسی گەلی دیارترین دروشمی حزبمان بوە .

لەسەرێکی دیکەوە ئیمپریالیزمی بریتانیا لە هەولێر لە رێگەی گیوی موکریانییەوە روژنامەیەک بە ناوی " هەتاو " ەوە دەردەکا . رۆژنامەی ناوبراو جارێ هەفتانەیە و نیاز وا بو کونسولی بریتانیا لە موسل بەناوی " دەنگی راستی " دەریکا و پارێزەر محەمەد سەعید کانی مارانی بکرێتە بەرێوەبەری بەرپرسیاری . حزبمان هەر لەسەرەتاوە سەری لەو پروژەیە دەرکرد و پەردەی لەروی هەلمالی . پاشان بەرێوەبەری کۆمپانیای نەوتی کەرکوک پێوەندی بە قاسمی مەلا ئەفەندییەوەکرد و داوای لی کرد لە هەولێر روژنامەیەک دەرکا . کۆمپانیا و بالوێزخانە بەلێنیان دا لەم بارەیەوە یارمەتی بدەن بەمەرجێک هەندێ وتاری دیاریکراویان بۆ بلاوبکاتەوە ، بەلام ناوبراو رازی نەبو . پاشان لەرێگەی عەبدوللا سکوچی نۆکەری ئنگلیزەوە ، پروژەی گوڤاری " هەتاو " لەرێگەی گیوەوە سازکرا . ئێستا گوڤاری ناوبراو ژەهری خۆی بلاودەکاتەوە .

حکومەتی ئەمریکا بەتەمایە بەشێک لە بەرنامەکانی " دەنگی ئەمریکا " ( دەردی "رزگاری"واتەنی " دەنگی شەیتان " ) بەزمانی کوردی بلاوبکاتەوە و ئێستا بەرنامەکانی بەشی کوردی لە بەغدا زیادی کردوە . ئێمە بە پێویستی دەزانین بەشی کوردی لە رادیۆی موسکو یا ئێزگەیەکی لە بابەت ئێزگەکەی ئازەربایجان هەبێ .

هەڤالانی هێژا ، ئەمە ئەوەیەکە توانیومە لەسەر داوای حزب بەپەلە بینوسم . ئیمە دەمانەوێ زیاتر پیوەندیتان لەگەلدا دامەزرێنین تا راپۆرتی تێروتەسەل دەربارەی بارودوخی خۆمان بنێرین . حەز دەکەین راو بۆچون و سەرنجەکانی خۆتانمان بۆبنێرن . ئێمە گەلەک پێویستمان بەرا وسەرنجی ئێوەیە .

بۆپێشەوە لەژێر سەرکردایەتی قارەمانی رزگارکردنی کوردستان جەنرال مستەفا بارزانی *

جەلال حسام الدین تاڵەبانی ( پیروّت )
ئەندامی کومێتەی ناوەندی حزب ولێپرسراوی کاروباری خوێندکارن

* لەکۆتایی هەمو نامەرەسمیەکانی حزبدا ئەم دروشمە دەنوسرێ .